
چاودێر نیوز .com


# کەی عەبدوڵڵا پەشێو تێدەپەڕێنین؟!

Like 34 Share

پێش 2 هەفتە



کەی عەبدوڵڵا پەشێو تێدەپەڕێنین؟!



سەنگەر زراری

هەمیشە گفتوگۆیەکی بەردەوام لە نێوان ڕەخنەگرانی ئەدەبی هەیە لەسەر ئەوەی ئایا شیعری بەرگری، بەهایەکی سیاسی هەیە، یان ئەدەبی؟! ئەگەر ئەمە یەکلاییش نەبێتەوە، بەڵام ئەوە زانراوە کە شیعری بەرگری، یان شیعری سیاسی، بەوە دەناسرێتەوە کە حەماسی و درووشمئامێزە و زیاتر لە مینبەر و گوتارێکی درووشمئامێز نزیکترە، کە کار لە هەستوسۆزی خەڵک و خوێنەر دەکات، نەک دەقێکی ئەدەبی، لێرەشەوەیە شیعری سیاسی و حەماسی، کار لە هەموو ئەو کەسانەش دەکات کە هیچ شتێک لە بارەی شیعر و ئەدەبیات و بەهای ئەدەبیانەی شیعرەوە نازانن و تەنانەت زۆر جار کەسانی وایان تێدایە کە خوێنەری ئاساییش نین.

یەکێک لە سیما دیارەکانی شیعری سیاسی ئەوەیە کە بۆ سەردەم و لە کاردانەوەی دۆخێکی دیاریکراو دەنووسرێت، کەواتە دەبێ بە تێپەڕینی ئەم دۆخ و سەردەمە، ئەم شیعرە باوی نەمێنێ و تەنیا وەکو مێژوو

هەڵوێستی ئەمڕۆ



**یەکێتی لە دوڕیانی حزبو ؛ بەرچاو ڕونیەک بۆ هەڤاڵان گەلاڵی و ڕابەر قەرەداغی**

ژوان ئەحمەد سەعید

ڕەخنەی چاو

وتار




کاتی ئاڵا بوو یان بەرەنگاری گە

سامان سنجاوی



مرۆڤایەتی لەبەردەم هەڕەشە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕا

سامان یارەویس



تێڕوانینێکی خێرا لەسەر ژیانی ج ڕۆسۆ

شەهێن سابیر



ئازاردانی تێکۆشەران بەهۆی ج بیروڕا شانازیە یان شەرمەزاری؟ وەلامێک بۆ هەڤاڵ بەهرۆز گە

سامان حەوێز


ڕوانگەوەزە

هەمەڕەنگ



**ڤیدیۆ .. فەرزاد لیژنەکە دەکات**

2 ڕۆژ پێش ئێستا



**چ کاتێک فرۆکە سوتەمە دەرژێنێت؟**

3 ڕۆژ پێش ئێستا



**دەست درێژی سێکسی کچە موسڵمانەکەی**

4 ڕۆژ پێش ئێستا

**وێنەگری وێنەکە ڕاستیەکان ئاشکرا دەکات**

4 ڕۆژ پێش ئێستا

چاودێر نیوز .com

نەک ئەوەی شیعرەکە هەڵگری (نەمری) بێت، شاعیرانی ئەم جۆرە شیعرە، خۆشیان ئەو ڕاستییە لە بارەی شیعرەکانی خۆیان باش دەزانن.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، عەبدوڵڵا پەشێو یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی شیعری سیاسی و حەماسی، ئەو لە بارەی ئاستی شیعرییەتی دەقە سیاسییەکانی خۆی، لە پێشەکیی دیوانی "براکوژی"دا دەڵێت: "ئەوەی بەردەستت پێش ئەوەی شیعر بێت، هەڵوێستە، ئەوەی لە کاتی نووسیندا لەبەرچاوی خەیاڵم بووە، هەژارێکی شێخەڵڵا بووە، نەک خوێندەوارێکی بە شیعر تێروتەسەل، بۆ میکرۆفۆن نووسراوە نەک بۆ خوێندنەوەی بێدەنگ. زیڕەیە، نەک چرپە. ڕاکردنە، نەک ڕۆیشتن. لە بابەڕۆدانە، نەک هەنیسک."

دیارە شاعیرانی کورد لە کۆنی کۆنەوە شیعری سیاسییان نووسیوە و نزیکەی هەموو شیعرەکانیان بۆ ئێستا دەبێت، بەڵام بۆیە پەشێو بە نموونە وەردەگرین، چونکە ئەو خۆی لە ژیاندا ماوە و بەردەوام ئامادەگی هەیە، هەورەها لە شەستەکانەوە شیعری حەماسی دەنووسێت و گەنج و پیری ئەم سەردەمە بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە دەیناسن، بۆیەش باسکردنی پەشێو، باسکردنی نموونەیەکی زیندووە بۆ ئێستا.

ئەدەبیات بەگشتی، بابەتی نەمرییە، واتا شیعرێک، چیرۆکێک، ڕۆمانێک، کە بەهایەکی ئەدەبیی گەورەی هەبێت، نەک چەندین ساڵ، بەڵکو چەندین سەدەش دەمێنێتەوە و بەردەوام دەخوێندرێتەوە، بەڵام ئەمە بۆ شیعری سیاسی نابێت و ئەگەر هەر بەهایەکی بمێنێ، ئەوا بەها مێژوویەکەیەتی. کەواتە مانەوەی شیعری سیاسی، تێنەپەڕینی دۆخەکەیە، ئەمە نەنگی نییە بۆ شیعرەکە یان شاعیرەکە، بەڵکو نەنگییە بۆ میللەتەکە بە هەموو دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەکانییەوە، کە سەرەڕای ئەو هەموو هاوار و زیڕە و ڕاکردن و لەبابەڕۆدانەی شاعیر و ڕۆشنبیران، نەیانتوانیوە ئەم دۆخە تێپەڕێنن.

پەشێو خۆی نووسەر و ئەدیبێکی دیارە و خۆشی بەهای کارەکەی خۆی لە ڕووی ئەدەبییەوە باش دەزانێ، بۆیە ئەوەتا دەڵێت ئەمانە هەڵوێستن و لە هەڵوێست نزیکترن تا شیعر. هەڵوێستیش بەرامبەر دۆخێکی دیاریکراو و کاتییە و نابێ شیعرییەتی تێدا ڕەچاو بکرێ، یان وەک دەڵێ:

"لە ڕووخساری شیعر گەڕێن، خەمخواری کورد

تا کرێت و ناشیرین بێ، ڕووخساری کورد".

ئەو تەنانەت لە بەرامبەر ئەوانەی ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرن هەڵوێستەکانی توندن دەڵێت: "کە شیعرەکانم دەخوێنیتەوە، پێت وایە زماندرێژیم کردووە؟ زێدەڕۆیم کردووە؟ توندم؟ بریا.. سەد برا.. سەد هێندە شارەزای فەرهەنگی زمانی کوردی بام و لەم وشە و تەعبیرانە مزرترم زانیبا!".

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چ شتێک وا دەکات پەشێو و هەموو ئەو شیعرە سیاسییانەی شاعیرانی پێشتر و ئەو شیعرانەی سەرکۆنەی کورد دەکەن بە هۆی ناتەباییەکەیەوە، بەردەوام لەناوماندا ئامادە بنەوە؟! بەردەوام بە هەمان تین و توانای ئەو کاتەی کە شیعرەکان نووسراون دێنەوە مەیدان؟!

لە سادەترین وەڵامدا دەتوانین بڵێین: ئەوە هەڵوێست و شیعرەکانی پەشێو (و ئەوانەی تریش) نین کە نەمرن (چونکە وەکو خۆی دانی پێدا دەنێت لە کاردانەوەی شەڕ و یەکترکوشتنەکان نووسراون)، بەڵکو ئەوە دۆخی چەقبەستووی کورد و دووبارەبوونەوە و نەچوونەپێشی کوردە وا دەکات شیعرەکانی پەشێو و هەموو ئەو شیعرانە بە زیندوویی بمێننەوە، کە لە کاردنەوەی خۆخۆری و دژایەتیکردنی کورد لەناو یەکتر نووسراون، نەک بەهای ئەدەبیی شیعرەکان. شاعیران کەسانی هەستناسکن و نوخبەیەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵگان، ئەوان تینووی ئازادین و لە خەڵکی ئاسایی زیاتر حەز بە سەربڵندیی میللەتەکەیان دەکەن، بۆیە کاتێک ئەو جۆرە شیعرە دەنووسن، هەم دڵیان دێشێ بۆ حاڵی گەلەکەیان و پێیان خۆش نییە، هەم حەزیش دەکەن گەلەکەیان ئەو دۆخە تێپەڕێنێ، نەک ئەوەی لە پێناوی مانەوەی شیعرەکانیان، میللەتەکەیان هەر لە دواکەوتوویی بمێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە پێدەچێت ئەو حەزەی ئەوان و حەزی هەموو ئەوانەی ڕقیان لە دووبەرەکییە بە ئاسانی نەیەتەدی. هەر بۆیەشە تا کورد ئەم خۆخۆرییەی تێدا بمێنێ (کە پێناچێ بە ئاسانی نەمێنێ)، پەشێو و هەڵوێستەشیعرەکانی دیکەی کورد، بەردەوام بە زیندوویی دەمێننەوە و لەسەر زاران و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستاودەستیان پێ دەکرێت و هەر ناخۆشییەک لە نێوان هێز و لایەنێکی کوردی دروست بێت، ئەو هەڵوێستەشیعرانە، بە هەمان ئاستی سەردەمی نووسینیان دێنەوە مەیدان. هەر لەو ڕێگایەشەوە هەست بەوە دەکەین کە بارودۆخی کوردستان و کوردەکان لە چ ئاستێکی چەقبەستن و خۆدووبارەکردنەوەدایە.

خوێندراو


**پەرستگا شیعری : لامارتین**
15 کاتژمێر پێش ئێستا

**سرووشت سەرچاوەی ئیلهامی منە**
15 کاتژمێر پێش ئێستا

**بەکولتووورکردنی شانۆ**
15 کاتژمێر پێش ئێستا

**ئەمڕۆ وەک هەموو ڕۆژێکی تر نییە**
16 کاتژمێر پێش ئێستا

چاوپێکەوتن



**مەلا بەختیار بۆ چەند دەزگایەکی میدیایی هە**
**لەکوردستاندا بازاڕی (شەخسی - حزبی) هەبێ**
**کۆنترۆڵی ئابوریی گەندەڵکارانە هەبێت، ناکۆ**
**حزبییەکان چارەسەر نابن**
7 کاتژمێر پێش ئێستا

ڕاپرسی

پێت وایە لایەنەکان دەگەنە ڕێککەو
چارەسەرکردنی کێشەکانی باشووری
کوردستان؟

دەنگ بدە

تایم لاینی چاودێر

هەواڵ
بەوێنە.. تەقینەوەیەکی بەهێز باش
بەغدادی هەژاند
3 کاتژمێر پێش ئێستا
2017/03/29

هەواڵ
پارتی: باشترە یەکەکە شەنگال چۆ
3 کاتژمێر پێش ئێستا
2017/03/29

هەواڵ
ئەمریکا: لێکۆڵینەوەی ڕەسمی لە
ڕووداوەکەی موسڵ دەکرێت
4 کاتژمێر پێش ئێستا
2017/03/29

هەواڵ
وەزارەتی دارایی عێراق سەبارەت
موچەی کارمەندانی کەرکوک ڕون
دەدات
5 کاتژمێر پێش ئێستا
2017/03/29